# بانگەوازێك بۆ گشت ڕۆڵە بەئەمەكەكانی گەلەكەمان!

antigenocide@hotmail.com

کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و هێرشەکانی ئەنفال، دوو هەوڵی دڕندانەی ڕژێمی فاشی عێراق بوون، بۆ جینۆسایدکردنی گەلی کورد. تێکڕای ژمارەی قوربانییانی ئەم هێرشانە، بە فەیلی و بارزانییە شوێنبزرکراوەکانەوە، نزیك بە ٢٠٠ هەزار مرۆڤی بێتاوان بوو، تەنها تاوانێك کردبێتیان کوردبوونیان بوو و هیچی تر نا.

ئێمە لە کاتێکدا بەرەو پێشوازی لە یادی ١٥ ساڵەی ئەم کارەساتانە هەنگاو دەنێین، بە پێویستی دەزانین بانگەوازی گشت ڕۆڵە بەئەمەکەکانی گەلەکەمان، لە گشت وڵاتانی جیهاندا بکەین، کە بە گیانێکی بەرپرسیارێتییەوە خۆیان بۆ چالاکی نواندن لەم یادانەدا ئامادە بکەن و هەوڵ بدەن چالاکییەکانیان یەکگرتوو و هاو ئامانج بێت و دوور بێت لە گشت بەرژەوەندییەکی تەسکی ڕێکخراوەیی.

با داوا و هیوای کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال، هەڵەبجە، بارزانی و فەیلییەکان، بکەین بە داوا و خاڵی هاوبەشمان، لە پێناوی کۆتایی هێنان بە پرۆسەی جینۆسایدی گەلەکەمان.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد — چاك

٢٠٠٣/٠١/٠٧

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت